# دەست لە سەرکوت و پێشێلکاری هەڵگرن!

**بنار مستەفا**

ڕێبوار عارف سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەناهەندەکانی عێراقی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و بەرپرسی کەمپینی دادگای صدام حسین و سەرانی بەعس و کەسایەتی ناسراو لە سەر چەند وشەیك بۆ قوتابیانی ناڕازی و پشتگیری کردنیان، لە لایەن ئاسایشی سلێمانی (ینك)ەوە زیندانی دەکرێت. ئەوە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژە لە زینداندایە.

ئاسایش لە بری ئەوەی فایلداران و جاسوسانی بەعس وتیرۆریستان دەستگیربکات، هێرش دەکاتە سەر ئازادیخوازان و ئەو کەسانەی چاویان بڕیوەتە دنیایەکی جوانتر. ئەمە لە کاتێکدا کە بەردەوام باس لە ئازادی بیٚ سنوور دەکەن، ئەوندە نییە مەلا بەختیار ئەمەی دووپات کردەوە[1]. دیارە ئاسایشی سلێمانی باش ئاگاداری ئەوەیە کە سەرانی یەکێتی نیشتیمانی نوقمی فایل بوون، بۆیە باشترین بەرگری لە فایلداران دەستگیرکردنی بەرپرسی کەمپینی دادگای سەرانی بەعسە.

ڕەنگە ئاسایش واهەستبکات کە بە زیندانیکردنی ڕێبوار عارف دەتوانێت ورەی دابەزێنێت و لە چالاکی سیاسی دووری بخاتەوە، بەڵام پێدەچێت لانی کەم ئێستا حاڵی بووبێت کە پێچەوانەکەی دروستە و ئەم کارە نەك تەنها ڕێبوار عارف بەڵکو تەواوی هاوڕێبازانی و کەسانی ئازادیخواز هان دەدات بۆ وەستانەوە لە دژی کۆنەپەرستان و سەرکوتکەران و پیاوانی بەعس.

ینك هەمیشە بە سەرکوت وەڵامی نەیارانی و ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لێگرتوە داوەتەوە. مێژووی ڕەشیان شایەتە. پێشێلکاری ئازادی کارێکی هەمیشەیان بووە هەرچەندە زیندانیکردنی ڕێبوار عارف تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بەئازادی ومافی مرۆڤ و دیموکراتیەت بەڵام لە چاو ئەو کارانەدا کە یەکیتی کردویەتی دەرهەق بە ئینسانیەت دڵۆپێکە لە دەریا.خەڵکی کوردستان تا کەی تاوانی ینك تەحەمول دەکەن؟ تا کەی ڕێبوار عارف لە زیندان دەبێت؟ تا کەی ئازادی پێشێل دەکرێت؟ تا کەی فایلداران ئازادیخوازان سەرکوت دەکەن؟

**10.5.2005**

bnarmustafa@yahoo.co.uk

1 گفتوگۆی مەلا بەختیار لە ڕادیۆی لاوانەوە لە یۆتێبۆری 23.4.2005